# زوو ڕزگارکردنی سەدام، زوو لە گۆڕنانی شەرمەزاریەکان و ئەگەری پێچانەوەی دادگا

**شاخەوان شۆڕش**

لە 5 ی نۆڤێنبەری 2006 دا، دادگای باڵای تاوانی ئێراقی، لەسەر تاوانی کوشتنی 142 کەسی شیعە لە گوندی دوجەیل لە ساڵی 1982دا، سزای هەڵواسینی بۆ سەدام حوسێنی دیکتاتۆری ڕووخاو بڕیەوە.
ئەو بڕیارەی دادگا دەبێ لەلایەن دەستەی باڵای دادگای تاوان سەیری بکرێت و پەسند بکرێت، هەروەها سەیری داخوازی بەرگری بۆ ڕەتکردنەوەی سزاکە بکرێت، ئەگەر بەڵگەیەک بۆ ڕەتکردنەوەی بڕیارەکە نەبوو، بڕیاری کوشتنەکە پەسند دەکرێت. بەپێی یاسای دادگاکە دوای پەسندکردنەکە، دەبێ سزاکە لەماوەی 30 رۆژدا جێبەجێ بکرێت. بڕیارەکە دەبێ لەلایەن سەرۆک کۆمار پەسند بکرێت و پاشان حکومەتی ئێراق جێبەجێی سزاکە بکات. لەمبارەیەوە سەرۆک کۆمار جەلال تاڵەبانی دەسەڵاتی داوەتە جێگرەکەی. هەروەها نوری مالیکی سەرۆکی حکومەتی ئێراق پێشبینی دەکات، سزاکە بەر لە کۆتایی ساڵ جێبەجێ بکرێت. بەکورتی واپێدەچێت بڕیارەکە لەلایەن دەستەی باڵای دادگا پەسند دەکرێت و حکومەت بەر لە کۆتایی ساڵ، سەدام هەڵدەواسێت.

کاردانەوەی گەلانی ناو ئێراق سەبارەت بە بڕینەوەی سزاکە، ڕەنگی لە پارچەپارچەیی ئەو وڵاتە بەزۆر بەیەکەوەنراوە دەدایەوە، عارەبی شیعە شاییان دەگێڕا؛ عارەبی سونە دژی بڕیارەکەن و بە ناڕەوای دادەنێن؛ دەسەڵاتی کوردی و لایەنگرانیان دڵخۆشن و بە سزایەکی دادپەروەرانە سەیری دەکەن، بەشێکی گەلی کوردیش لە ئاست بڕیارەکەدا ڕاماون، توڕەن، گومانیان هەیە، پرسیار دەکەن، چونکە ئەوان ئەوهایان نەدەویست.

جیهانی دەرەوە؛ ئەمەریکا و لایەنگرانی پشتگیری دەکەن و بە دادپەروەرانەی دەزانن، ئەوانە هەموو شتێ دەکەن و دەڵێن تا سەرکەوتنی دروستکردنەوەی ناسەرکەوتووی ئێراق بە جیهان پیشان بدەن. ئەوڕوپا و UN سزاکە بە ناڕەوا دەزانن، چونکە ئەوان دژی سزای کوشتنن، لای ئەوانە نەکوشتنی مرۆڤ زۆر گرنگە، تاوانکار هەرچی کردبێت، نابێ سزای کوشتنی بدرێت. ئەوانە ڕەخنەیان بەرامبەر بە دادگاکە لە زۆر رووەوە پاسیڤانە هەبووە، بەڵام هەرگیز داوای دادگایەکی نێونەتەوەییان بەکردەوە نەکردووە.

ئەگەر سەدام بەر لە کۆتایی ساڵ یا کەمێ دواتر بکوژرێت، ئەوە واپێدەچێ سەدام تەنها لەسەر تاوانی کەمواتای دوجەیل تاوانبار دەکرێ و بەمجۆرە لە لێپرسینەوە سەبارەت بە هەموو ئەو تاوانکارییە گەورانەی بەتایبەتی بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامی داوە، ڕزگاری دەبێت. بەمجۆرە لەسەر تاوانەکانی بەعارەبکردن و پاکتاوی ناوچە سنوریەکان، پاکتاو و بەعارەبکردنی فەیلیەکان، بەعارەبکردنی یەزیدیەکان، بۆردومانی قەڵادزێ، کۆمەڵکوژی بارزانیەکان، بۆردومان و کیمیابارانی گوندەکانی کوردستان، کیمیابارانی سەردەشت، کیمیابارانی هەڵەبجە، پاکتاو و کیمیاباران و گەلکوژی ئەنفال و لەناوبردنی 182000 مرۆڤی کورد، ئاوارەکردنی زیاتر لە یەک ملیۆن کورد، سوتان و تەختکردنی بە هەزاران گوند و دەیان شارۆچکە، ماڵوێرانکردنی بە سەدان هەزار خێزان، سەدامی گەلکوژ تاوانبار ناکرێت. بۆیە ئەو کوشتنە زووبەزووەی سەدام، لە ڕاستیدا ڕزگارکردنی سەدامە لە شەرمەزاری، ڕزگارکردنیەتی لە سزادان سەبارەت بە تاوانەکانی بەعارەبکردن و پاکتاو و گەلکوژی.
پێویستە بگوترێت، زۆر لەو تاوانکاریانەی لێرەدا ناویان هاتووە، دۆزیان بۆ ئامادە نەکراوە و لە ڕاستیدا بوونەتە مێژوویێکی زەردباو. واپێدەچی دەسەڵاتی کوردی لە چەند کەیسێک بەولاوە چیتری ئامادە نەکردووە. شایانی بیرخستنەوەیە دەسەڵاتی کوردی هەر لەسەرەتاوە سەبارەت بە بوونی دادگاکە و پرۆسەی دادگاییەکە لەبەر هەر هۆیەک بێت پاسیڤە، لاوازە و بوونێکی ئەوتۆی نەبووە.
هەلوێستی دەسەڵاتی کوردی سەبارەت بە کوشتنی زووی سەدام ناڕوون بووە و ڕاکشاوانە پشتگیری خۆیان پێشان نەداوە، بەڵام ناڕاستەوخۆ پشتگیری خۆیان پیشان داوە. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پ.د.ک، هیچ هەڵوێستی نەبووە، ئەوەش واتای پەسندکردنی سزاکە و ڕەوتی دادگاکە دەگەیەنێت.

سەبارەت بە بڕیاری سزاکە، جەلال تاڵەبانی سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی ی.ن.ک لەیەک چاوپێکەوتندا[1] دوو گۆتنی دژ بەیەکی دا؛ لەیەکیاندا دەڵێ، "دادگاکە یاسای خۆی هەیە و دوای تەمیز راستەوخۆ سزاکە جێبەجێ دەکرێت،" لەویتریاندا دەڵێ، " بەپێی یاسا دەبێت لەسەر هەموو تاوانەکان دادگایی بکرێت ئینجا سزابدرێت." تاڵەبانی خۆی واژوی یاساکانی ئەو دادگایەی کردووە، لەو یاسایەدا نوسراوە دەبێ سزا دوای پەسندکردنی لە ماوەی 30 ڕۆژدا پەسند بکرێت، بەمشێوەیە ئەوەی تاڵەبانی دەیڵێت دوو تێگەیشتنی جودان، کە ئاماژە بە بێئاگایی و کەمنرخی دادگا و یاساکان لای تاڵەبانی دەکەن.
تاڵەبانی ساڵی پار دەیگوت من واژوی کوشتنی سەدام ناکەم چونکە "گوایە" ئەو دژی کوشتنی مرۆڤە، بەڵام ئێستا دەڵێ جێبەجێکردنی سزاکە پێویستی بە واژوی من نییە. دیارە تاڵەبانی دەسەڵاتی ئەوەی نییە ملە لەگەڵ ئەمەریکا یا عارەبەکانی بەغدا بکات. ئەو ئەوەش هەرگیز ناکات. جگەلەوەی واپێدەچێ تاڵەبانی پرسی ئەو واژوە وەکو ڕیکلامە بۆ خۆی بۆ مەبەستێکی تایبەتی دیاریکراو بەکاردەهێنێت. شایانی بیرخستنەوەیە لە ڕابردوودا لەسەر بڕیاری تاڵەبانی و بارزانی و گەلێ سەرکردەی دی کە ئێستا لە باشوردا خاون دەسەڵاتن، کوردکوشتنی بەرفراوان لە پێناوی دەسەڵاتدا لەسەردەمی جیا جیادا ڕوویانداوە.

پێشخستنی کەیسی دوجەیل هەر لەسەرەتاوە گەلێ پرسیار و گومانی دروست کرد، لە ناو دەیان تاوانی گەورە لەبەرچی ئەو کەیسە هەڵبژێردرا، بەپێی مێژوو یەکەم تاوانکاری نەبوو، بەپێی گەورەیی نەک هەر گەورەترین تاوان نەبوو بەڵکو تاوانێک بوو کەم کەس گوێبیستی ببوو. کەچی ئەو تاوانە پێشخرا، گرنگی لە تاوانێکی گەورەی وەکو گەلکوژی ئەنفال زیاتر پێدرا و خەڵاتی شانۆگەریەکەی ئەو دادگا نارەوا ئێراقییەی لە ڕاستیدا پێدرا.
بەکورتی، یاسای دادگاکە کە دەڵێ دەبێ سزا دوای پەسندکردنی لەماوەی 30 ڕۆژدا جێبەجێ بکرێت؛ پێشخستنی کەیسی کەمواتای دوجەیل؛ خواستی دەسەڵاتدارانی ئەمەریکایی و ئێراقی بۆ جێبەجێکردنی زووی سزاکە و خواستی کۆتاییهێنان بەدادگاکە هەمووی ئاماژە بەوە دەکەن کەوا پێسخستنی کەیسی دوجەیل هەروا لەخۆرا نەبووە. دەکرێ ئەوە ئەنجامی ڕێکەوتنێکی ڕامیاری نێوان دەسەڵاتی ئێراقی و سەرکردایەتی ئەمەریکا بووە، یان دەکرێ ئەوە ئەنجامی بڕیارێکی ئەمەریکاییە کە لەلایەن سەرکردە ئێراقیەکان پەسند کراوە و جێبەجێ دەکرێت. بەکورتی ڕۆیشتنی ئاراستەی ئەو دادگایە هەر لەخۆڕا بەو شوێنەدا ناڕوات.

دەگوترێ کەوا بەپێی یاسای پێشووی ئێراق "دەبێ هەموو دادگاییەکان تەوابن ئەوجا سزا جێبەجێ بکرێت." دیارە یاساکانی دادگا سەبارەت بە سزای کەسی ئێراقین و پێشوودا هەبوون، کە ئەو یاسایە بەتایبەت لێرەدا گۆڕدراوە و وەکو ئەوەی ئیستای لێکراوە واتە "سزا دەبێ لە ماوەی 30 ڕۆژدا جێبەجێ بکرێت،" ئەوە ئاشکرا دەکات کە مەبەستی تایبەت لەپشتی ئەو گۆڕینەدا هەبووە.
مەبەستەکەش ئەوەیە، بەپێی ئەو یاسایە هەر تاوانبارێک سزای مردنی بۆ دەبڕێتەوە، لە لایەن دەستەی باڵای دادگا پەسند دەکرێت و پاشان لە ماوەی یەک مانگدا جێبەجێ دەکرێت، واتە کەسی تاوانبار لەناو دەبردرێت. ئەگەر دوای پەسندکردنەکە سزاکە زووش جێبەجێ نەکرێت، ئەو کەسە بەپێی یاسا بۆی نییە لەدادگادا بەشدار بێت. لەهەر بارێکدا لەئەگەری پەسندکردنی سزاکەدا، ئیتر ئەو تاوانبارە لە هیچ کەیسێکی دیکەدا بەشدار نابێت و دەبێ چاوەڕێی مردن بکات. ئەو سەرکردە بەعسیانەی کە دادگاکە تۆمەتباری کردوون، بەژمارە زۆر نین، لە ماوەی یەک، دوو یا سێ کەیسدا، هەموویان بەئەگەری زۆر بە کوشتن سزادەدرێن و پاشان لەناو دەبردرێن. کەواتە ئەو تاوانبارە سەرەکیانە کەسیان بە کەیسە گەورەکانی دیکە کە ماون ڕاناگەن و نامێنن، لەو بارەدا بوونی دادگاکە واتایەکی ئەوتۆی نامێنێ. ئەوە ئەگەر یاساییانە و بەبێ بوونی دەستێوەردانی ڕامیاری، سەیری دادگاکە و یاساکەی بکەین.

لە ڕوانگەیەکی ڕامیاریانەوە، بەئەگەری زۆر برینەوەی سزاکە لەو کاتوبارە ئاڵۆزەی ئێراقدا، پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا و کێشە ناوخۆییەکانی ئێراقەوە هەبووە. بەڵام لەبیرمان نەچێت لەناوبردنی سەدام بەزوویی، واتای پەلەکردنە لە شاردنەوە و لەگۆڕنانی هەموو ئەو ڕاستیانەی مەترسی ئاشکرابوونی لێدەکرێت. ئاشکراکردنی گەلێ نهێنی کە پەیوەندی بە گەلێ لە تاونکاریەکانەوە هەیە، زیانی بۆ ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا، فەرەنسا و ئەڵمانیا، وڵاتانی کۆنە سۆسیالست، وڵاتانی عارەب، وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، سەرکردایەتی کورد لە باشوری کوردستان، کۆمەڵێ کۆمپانیای بازرگانی عەرەبی و جیهانی، بەجۆرێ لە جۆرەکان هەیە یا دەکرێ ببێت. ئەگەرچی دادگاکە وا دامەزرا بەرژەوەندیەکانی هەموو ئەوانە بپارێزێت، بەڵام دیارە ئەوەش بەس نەبوو. زوو لەناوبردنی سەدام و

**کۆتاییهێنان دواتر بە دادگاکە، بێگومان بەرژەوەندیەکانی ئەوان باشتر دەپارێزێت و ڕاستیەکانیش زۆریان بە شاراوەیی دەمێننەوە.**

**بەکورتی بەنەمانی سەدام، دادگاکە ئەو گرنگیەی لای میدیای جیهانی و خەڵک بەگشتی نامێنێت، بە نەمانی تاوانبارانی تر بوونی دادگاکە بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێت. ئەوەش وردە وردە دورخستنەوەی دادگایە لە چاوی دەوروبەر و ڕێگاخۆشکردنە بۆ پاشان ڕەنگە پێچانەوەی دادگاکە بەیەکجاری.**

2006.11.09

---

1[1] هەندێ لە دوانەکانی دەسەڵاتی کوردی و بەرپرسانی کورد
http://www.hawlati. com/12dvbghoo/ content.asp? ContentId= 1771
http://www.peyamner .com/article. php?id=69013&lang=kurdish
http://www.peyamner .com/article. php?id=69022&lang=kurdish
http://www.kurdista nonline.net/ news.php? newsid=4559